

## ڤیدیۆ پرۆژکتەرێکی بچووک

ڤیدیــۆ پرۆژکتــۆری کۆمپانیــای Nec بــە مۆدێلی NP3151 هاتۆتەبەرهەم. قــەوارەی ئەم ڤیدیۆیە بچوکە و کێشەکەی کەمە. ئەم ڤیدیۆ پرۆژکتۆرە توانای نیشاندانی وێنەی بــە دیقەی WXGA یان بەواتایەکی دیکە 1280×800 پیکســلە. پرۆژکتۆری ناوبراو تەکنەلۆژای LCDی هەیە کە بۆ نیشاندانی وێنە لە ساڵۆنەکانی کۆنفرانس، ژوورەکانی کۆڕ و ساڵۆنەکانی گەورەی بە سوودە.

ئــەم ڤیدیۆ پرۆژکتۆرە توانای لابردنی دەنگی زیادی هەیە و جگە لــەوەش توانای پەیوەندی ئینتەرنێتی وایەرلەیســی تێدایە.




## کامێرای وێنەگری دژە ئاو

نوێترین کامێرای دیجیتالی کۆمپانیــای Olympus هاتە بەرهەم، ئەو کامێرایە لە زنجیرەی کامێراکانی وێنەگری Stylus ی کۆمپانیای Olympusیــە. کامیــرای ناوبــراو دیقەکەی 12 میگابایتــە، توانی زومی ئیپتکالەکــەی 3 جارانە. ئەو کامێرایە میمۆری ناوخۆی لەسەرە، کە 47 میگابایتە. دیزاینی ئــەم کامێرایە زۆر ســادە و تەنکە و کارکردن لەسەر ئەمە زۆر ئاســانە. توانای وێنەگرتنی بە دیقەی 640×480 پیکسلە. ئــەو کامێرایە لــە ڕێگای کێبڵــی USBیــەوە بــە کۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە.

بەهــۆی پرۆگرامێکــی تایبەتییەوە وێنەکان بۆ ســەر کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە.

تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو کامێرایە ئەوەیە کە دژە ئاوە واتــە دەکرێ لە دەریادا وێنــەی پێ هەڵبگرێ و هەروەها سیستەمی هۆشمەندی ناسینی ڕوخساری هەیە.

## کامێرایەکی ڕەنگاورەنگ بۆ منداڵان



کامــێرایەکــی وێنــەگــری ڕەنگاورەنگ و بچووک بەناوی Fisher-price هاتە بەرهەم، کامێــرای ناوبــراو بەجۆرێك دروســتکراوە کە کێشــەکەی کەمــە، تایبەتە بە منداڵان. میمۆری ناوخۆی تەنیا 8 میگابایتە. دەکرێ میمــۆری دەرەکــی یــەك گیگابایتیشــی تێبخرێ. ئەو کامێرایە بەتەواوی دژە ئاو و دژە زەربەیە. لەگەڵ هەردوو جۆری کۆمپیوتەری ماکنتۆش و ویندۆز دەگونجێت. دوو ڕەنگی شین بۆ منداڵی کوڕ و پەمەیی بۆ کچان هەیە. شایانی باســە ئــەوەی کچانە گرانبایی ترە.



## ناساندنی هاندی Qwest، هاندی هەمە کارە



کۆمپانیای گەیاندنی Qwest بەم دواییە رایگەیاند کە بەم زووانە دوو هاندی نوێ لە زنجیرەی هاندەکانی وایەرلەیس دەخاتە بازاڕەوە. ئەو دوو هاندە بە ناوەکانی HTC 5800 و Mogul هاتوونەتە بەرهەم، شایانی ئاماژە پێدانە ئەم هاندە لە خزمەتگوزاری Windows live سوود وەردەگرێ، ئەم خزمەتگوزارییە ئەم بەشانە دەگرێتەوە، ناردنی Emaile، پەیامی دەستبەجێ (IM)، دینەمۆکانی بەدواداگەڕان. ئەم هاندانە سیستەمی بەگەڕخەری Wi-dows mobile6 یان لەسەرە، بەم شێوەیە بەکارهێنەر دەتوانێ سوود لەگشت پرۆگرامەکانی Microsoft o-fece وەربگرێ. کامێرای ئەم هاندە دوو میگابایە و گشت پرۆگرامەکانی Word، excel، power opint لەسەرە.

## مۆبایلی نۆکیا N96 و تایبەتمەندییەکانی



کۆمپانیای نۆکیا زنجیرەی هاندەکانی N گەیاندە ژمارە (N96). ئەم هاندە گۆڕانکارییەکی زۆری بەبەراورد بە مۆدێلەکانی پێشوو تێدایە، پشتیوانیکردن لە4 باندی GSM و دوو باندی HSDPA تێدایە.

هەروەها دەکرێ بڵێین ئەو مۆبایلە شاشەکەی بەرزترین دیقەی هەیە، میمۆری ناوخۆی ئەو هاندە 16 گیگابایتە. (بڵێین کۆمپیوتەرێکی تەواو). جگە لەوەش میمۆری دەرەکیش دەخوات و رامەکەی 128 میگابایتە. چوارچێوە و بیچمی ئەو هاندە زۆر وەك هاندی N81 دەچێت بە هەندێك گۆڕانکاری بچووك.

کامێرای ئەم هاندە 5 میگاپیکسلە، دوو فلاشی LED لەسەرە. هەروەها خزمەتگوزاری TV-Out بە دیقەی (SDTV) و جگەلەوەش خزمەتگوزاری DVB-H تێدایە.

کێشی ئەم هاندە 125 گرامە.

## گوێ لە گۆرانییەکانی ئەم چوکلێتە بگرە



نوێترین ئامێری بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و گۆرانی بەناوی چوکلێت و مۆدێلی E100 هاتە بەرهەم. ئەم ئامێرە دیزاینەکەی زۆر سادەیە و گشت دوگمەکانی لەمسین. ئەو PMPیە لە سێ ڤێرژنی (2،4،8) گیگابایتی دا هاتۆتە بەرهەم. ئەو چوکلێتە میمۆری ناوخۆی هەیە و دەکرێ میمۆری دەرەکیشی پێوە زیاد بکرێ، جگەلەوە خۆی کەلێنی USB هەیە و توانای شەحنبوونەوە و بەسترانەوەی بە کۆمپیوتەر هەیە. E100 بە 3کاتژمێر ونیو بەتەواوی شەحن دەبێتەوە، هەرکاتێکیش بەتەواوی شەحن بووە دەتوانێ هەتا 17 کاتژمێر مۆسیقا و 5 کاتژمێر فیلم سەیر بکەی. هەموو فۆرماتە دەنگییەکان دەخوێنێتەوە. زۆربەی هەرە زۆری فۆرماتە رەنگییەکانیش. توانای تۆمارکردنی دەنگیشی هەیە و رادیۆ شی تێدایە. کێشەکەی زۆر کەمە تەنیا 60 گرامە.






# فلاش میمۆرییەکی دژە ئاو

فلاش میمۆری ئێستاکە گرنگترین ئامرازی داکردنی تاکەکەسی داتاکانی کۆمپیوتەرە، ئەوەی نیازی هەبێ داتاکانی خۆی جا وێنە بێ یان فیلم و دوکیۆمێنت، خاوەنی فلاش میمۆری خۆیەتی. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی فلاش میمۆری گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان لە فلاشدا پێکهێناوە، لە قەوارەی گەورەوە بەرەو قەوارەی بچووك، لەو فلاش میمۆرییانەی کە جێگای کەمی داکردنی داتا دەبۆیەوە بەرەو فلاش میمۆری قەوارەی داتای مەزن، ئێستاکە فلاش میمۆری هەتا 60 گیگابایتیش رۆیشتووە.

کۆمپانیای OCZ کە بەرهەمهێنی فلاش میمۆرییە، نوێترین فلاش میمۆری بەرهەمهێناوە کە روپۆشێکی دژە ئاوی لەسەرە و دژە زەربەیە. کە ئەگەر بکەوێتە ناو قوڵایی دەریاوەش هیچی لێ نایەت. فلاش میمۆری ATV USB لە ریزی خێراترین فلاش میمۆرییەکانی دێتە ژمار. بە بەراورد لە گەڵ فلاش میمۆری دیکە 30% خێراترە.

## پەلکە زێڕینەی تەکنەلۆژیا

کۆمپانیای Aigo omnisphere ئامێرێکی نوێی لە MP3 player بەرهەمهێناوە، کە لە فۆرم و شێوەدا زۆر جیاوازە لە ئامێرەکانی هاوشێوەی خۆی. جیاوازی MP3 player مۆدێل F529 لەوەدایە کە لە شێوەی قوچەکێك دەچێت، لە لوتکەی ئەو قوچەکەدا چەند گلۆپێکی بچووکی تێدایە، گلۆپەکان رەنگاورەنگن و بەپێی ریتمی گۆرانییەکە دەگۆڕدرێن.

بەم جۆرە بەکارهێنەرارنی ئەم ئامێرە سەرەرای گوێگرتن لە مۆسیقی، دەتوانن لە سەیرکردنی رەنگەکانیش چێژ وەربگرن. F529 میمۆرییەکەی یەك گیگابایتە. کارتی میمۆری جۆری SDیش دەخوێنێتەوە.








## ئامێرێک بۆ ژماردنی هەنگاوەکانت

ئامێری دیتا بۆك لە جۆری ZQ-p20hc دەفتەرچەی یادداشتی ئەلکترۆنیە کە لەکاتی پیاسەکردن و وەرزشکردندا، هەنگاوەکان دەژمێرێت. ئەو ئامێرە ئەگەر لەکاتی پیاسەکردن یان راکردن دا لە کەمەرتی بخەی. نە تەنیا هەنگاوەکان دەژمێرێ، بگرە رێژەی ئەو کالۆرییەی (چەوری)ی کە لە کاتی رۆیشتندا سووتاندووتە دیاری دەکات. بەکارهێنەر دەتوانێ زانیارییەکە کە لەسەر CD ئەو ئامێرە خەزن بکات و پاشان بیگوازێتەوە بۆ سەر کۆمپیوتەر. ئەو ئامێرە خاوەنی شاشەیەکەی لە 12 بەش پێکهاتووە لە 3 ریزدا. میمۆریەکەی 10 گیگایە. دەفتەرچەی یادداشت و حاسبەی لەگەڵدایە.





# دڵە بچووکەکەی منداڵان



کۆمپانیایەکی چینی مۆبایلێکی نوێی بۆ منداڵانی 5 هەتا 6 ساڵە هێناوەتە بەرهەم کە وەك دڵ دەچێت. ئەو مۆبایلە کە بە Okids ناسراوە، بە جۆڵەیەك وەك شێوەی دڵی لێدێت، جگە لە قسەکردن دەکرێ گەمەی ئەلکترۆنیشی پێ بکرێت. ئەو هاندەی مۆبایلە وەك هەموو شتەکانی چینی کەم باییە، بۆ ئەو دایك و باوکانەی کە منداڵانیان دەچنە دەرەوەی ماڵ زۆر باشە.



## کامێرایەکی دژە تیرۆر


کۆمپانیایەکی بەریتانی بە هاوکاری ئاژانسی ئاسمانگەڕی ئەورووپا کامێرایەکی ڤیدیۆیی تایبەتیان هێناوەتە بەرهەم کە بە تیشکی T کار دەکات و دەتوانێ ئەو شتانەی کە لە ژێر جلوبەرگدا حەشاردراون لە مەودای 25 مەترییەوە دیاری بکات.

کۆمپانیای بەریتانی ThruVision بە هاوکاری ئاژانسی ئاسمانگەڕی ئەورووپا (ئاسا) جۆرە چاوێکی ئەلکترۆنی نوێیان بەرهەم هێناوە کە دەتوانێ هەموو تەنێك بە



سوود وەرگرتن لە تیشکی ئەلکترۆموگناتیسی یا تیشکی T بناسێ.

ئامێرەکە بە T5000 ناسراوە. جۆرێکە لە کامێرای ڤیدیۆیی مۆدێلی نوێ کە بۆ پشکنین بەکار دێت و دەتوانێ لە مەودای 25 مەتری مادەی تەقەمەنی و چەك دیاری بکات. جگەلەوش تیشکەکەی هیچ مەترسییەك بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ دروست ناکات. دەکرێ لە فڕۆکەخانەکان، ناوەندەکانی بازرگانی و یان لە یاریگاکان سوودی لێوەربگیرێت. تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو کامێرایە لەوە دایە دەتوانێ لە پشت دیواریشەوە شتەکان بناسێ.



## هارددیسکەکانی داهاتوو لە ئێستاوە بەرهەم دێن

هارددیسك ئامێری داکردنی داتاکانە، هەتا هارددیسك بتوانێ داتای زیاتر لەخۆیدا خەزن بکات، بەسوودترە. کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنی هارددیسکێکی تایبەتی نەوەی داهاتووی بەرهەمهێناوە کە دەکرێ پێنج قات لە هارددیسکەکانی ئەم سەردەمە زانیاری لەخۆیدا خەزن بکات.

ئەم هارددیسکانەی کە لە کۆمپیوتەرەکاندان بەهۆی تەکنەلۆژیای موگناتیسی زانیارییەکانیان تێدا خەزن دەکرێت. بەڵام لەهارددیسکە نوێیەکاندا لە تیشکی لەیزەر سوود وەردەگیرێ و بەهۆیەوە لە مەودایەکی زۆر بچووکدا دەکرێ زانیارییەکی زۆر خەزن بکرێ. لەو هارددیسکەدا نوێیەدا دەکرێ لەهەر ئینجێکی چوارگۆشەدا بەقەد "ترابایتێك" زانیاری خەزن بکرێ کە پێنج جار لەهارددیسکەکانی ئەمڕۆ زیاترە. لەم هارددیسکە نوێیەدا دەکرێ 150 کاتژمێر فیلم بە دیقەیەکی زۆر بەرزەوە خەزن بکرێ.